# شەونم

هۆنراوەی (1)

الایا ایهاالساقی ادر کاسا و ناولها

لەگەڵ تۆمە وەرە ساقی بە کاسان بێنە لەو بادە
ئەویندارم دڵم ناشادە بەو بادەی خەمم لادە
بە هۆی ئەو بۆنە خۆشەی پەرچەمی وا سروە دەیهێنێ
دڵان خوێنین بڵێ ئەو پرچە پڕچینانە بەس بادە
لە مزڵ و ماڵی ئەو جوانانە ئەمن و ئەمن وئاسایش ؟
کە دەنگی زەنگی قافڵەی دێ دەڵێ بارکەن بەرەو جادە
بەمەی بەرماڵی نەخشین کە ئەگەر پیری موغان فەرمووی
کە سالیك شارەزای رازانە لەو رەمزانە ئوستادە
شەوی تار و شەپۆلی ئاو و گێژاوی بە سامی وا
لە کوێ حاڵی دەبن حاڵی مە سووکبارانی دڵ سادە
هەموو کارم لە خۆ بینی بە بەد نێوی گەیی ئاخر
چلۆن پێم ون دەبێ ئەو رازە کاتێ گەییە ئەو رادە
مەرامت گەر ویسالی یارە لێی خافڵ مەبە حافز
بە بادە و مادە خۆ دڵخۆش کە دنیا بادە لێی لادە

حافزی حەقیقی